www.kurdistannet.org
9-5-2003 21:30

# دوودڵی

دکتۆر دەهام خدر مەحمود

ڕەنگە پیری، ڕەنگە مەرگ

زۆر بەتاوو زۆر بە چووستی

بەرەو رووی من هێرش بێنن

لەوانەشە

بێ توانا بم، پەککەوتە بم

توانای ڕێگام نەمێنێت

لەوانەیە، وا بێ هێزبم

نەرمە بایەك هەموو جەستەم بهەژێنێ

هەموو ژیانم بشێوێنێ

لەوانەشە

واپیربىم، ناوی خۆشم لەیاد بکەم

بەڵآم شتێ لای من ڕوونە

دوودڵی بۆ تەنها جارێکیش بە خایاڵی مندا نایێ

جوانیت و یادی جاران

یادی جاران

یادی پیاسەکانی ئێوارانی ڕابردوو...

یادی ئێوارانی رابردوو

ئەو ئێوارانەی لەگەڵ شتی تریش

هەتا دووای مردنیش لەبیرناکرێن

قەت ناتوانم لە دڵی خۆم، لە جەستەکەم ناوت دەرکەم

بۆنت وونکەم

ڕوناکی دڵ لەوانەیە

زۆرکز بێت و بکوژێتەوە

ڕەنگە مردوو یەك جار بمرێ

بۆ یەکجاری چاولێکبنێ و بۆهەتای بمرێتەوە

ڕەنگە هەبێ

کەسوکاری لەیادبکا

یانیش هەبێ ڕێ ونبکا و خۆی لەبیرکا

بەڵآم گوڵە بۆنخۆشەکەم

هەزار ساڵیش بێن و برۆن

هەست و هەناسەی دڵی گەرمم

هیواو خۆزگەی چاوەڕوانیم

هەردێت و گەورەدەبێت

من دڵنیام

مومکین نیە

پاش مردنیش

قەت بتوانم تۆ لەبیرکەم

تۆ بزرکەم

– ژووان –

لەوانەیە ژیان گەلیك شادبێت

یاخوود هەرگیز زستان نەبێ

هەموو وەرزێك هەر بەهاربێت

ئەوساش دەڵێم

بەهار بەتۆوە بەهارە

زستانی من، دووری تۆیە

جوانی چاوت بزەی لێوت

مۆسیقای ناوت

جوانترین سێمفۆنیای منن

جوانیو هیوا

هەرتۆیت و هەر بەتۆیە

چاو نێرگزەی دەم گوڵەکەم

تۆ خودایت و منیش بەندە

کە خودا بیت و منیش بەندە

چۆن دەتوانم لەبیرت کەم ؟

تۆ زانیوتە

ئیمانداری خوا لەبیرکات ؟

هلسنکی –

Daham_kheder@hotmail.com

کوردستان نێت :

دکتۆر دەهام خدر مەحموود، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری هەولێری کوردستانی باشووردا، لە خێزانێکی کوردپەروەردا چاوی هەڵێناوە، لە زانکۆی موسڵ خوێندنی باڵای خۆی تەواوکردووە جگە لە نووسین و چالاکی رۆشنبیری لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خەبات دەکات، ساڵانی ١٩٩٤ بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە وڵاتی فینلەندا، وە ئێستاش بەردەوامە لەکارو خەباتی پارتایەتیدا، بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارتی یە لە فینلەندا.

جگە لەهەندێك وتاری سیاسی پەخشانە شیعر و هەندێك کاری وەرگێرانی هەیە، لە زمانی فینلەندی و ئینگلیزی.